# کتێبی یەکەم
# بۆ
# پۆلی یەکەمی سەرەتایی

نووسینی :
کەریم دانیشیار

سوید 1995

www.gagesh.com

# کتێبی یەکەم
# بۆ
# پۆلی یەکەمی سەرەتایی

نووسین و ئامادەکردنی :
کەریم دانشیار

سوید ـ 1994

ئەم کتێبۆکەیە پێشکەش بێت بە هەموو منداڵانی وڵاتەکەم.

هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، بەو مەرجە ئەگەر بۆ کەڵک لێ وەرگرتن بایەخێکیان هەبێت و شیاوی دەکارهێنان بن ، ئەوا ماڵی هەموو کەسێکن و هەر کەسێک بۆی هەیە و دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێت ، بەڵام بۆ فرۆشتن قەت قەت نا !

بە ئەوپەڕی ڕێزم ـ کەریم دانشیار

ماموٚستای هێژا !
دایک و باوکی بەڕێز !

ئەوەیکە لەم کتێبۆکەیەدا دێتە بەرچاوی پڕ سەرنجتان، من قەت پێم وانییە ئەمە بابەتێکی تاکانەی یەکدانەیە و، نایابترین و ڕەسەنترینی ئامرازی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانی کوردە و دوایی بە هەموو شتێک دێنێت.. نەخێر هەر نەک ئەم بەرهەمە بچووکە، بەڵکە چی بەدوای ئەمە و ئەوانی تریش دا دێن ، هیچیان ناتوانن ببنە خاڵی ئاخر و لە کۆتایی ئاخر ڕستەی ئەم بوارەدا دابندرێن. چونکە هەتا گەشە و پێشوەچوونی زانستی بەرەی مرۆڤ لە ئارا دا بێت ، لە زانستی ڕاهێنان و پەروەردە کردنیشدا تازە دێت و سەری کۆن دەخوا و خۆیشی کۆن دەبێ و هەر بەو دەردە دەچێت کە کۆنەکانی تری پێچوون. بەڵام مەبەست لە نووسین و پێشکەش کردنی ئەم بەرهەمە چەندلاپەڕەیە ، هەربەس نیاز و ئارەزووی خۆمە تێدا بەستە بووە و چی تر. دەسا با بە گوتەیەکی ڕاست و ڕەوانتری بێژم کە ئەمە مزە و مافی خۆمە و دەیدەمەوە بەخۆم ؛ مزە و مافێک کە بەبۆنەی تێپەڕینی بیست و هەشت ساڵ تەمەنی ماموٚستایەتی و دەرس گوتنەوەم لە لادێ و شار و شاخەکانی کوردستان و لە تاراوگە و دەربەدەریدا و، بەهۆی داهاتنی کاتی خانەنشینیم ، پێشکەش بە بیر و یادگارە لەگیان چەسپاوەکانی خۆمی دەکەمەوە ؛ بیر و یادگارانێک کە یەکدەم لێم دوور نابنەوە و قەت لە مێشکم هەڵناقرتێن. بیر و یادی ئەو کیژ و کوڕە تێکۆشەرە ئازیزانەم مەبەستە کە سەر و سەدەمێک زارۆکی تازە پێگرتووی پۆل و کلاسەکانی من و ئەوانی تر بوون.. ئەوان گەورە بوون و ڕسکان و هەڵیان دا و بوون بە پێشمەرگە و لە مەتەرێزی شەرەف دا گیانی پاکیان دەبەر ئاواتی گەلەکەیان مراند. پێشکەش بە هەموو ئەو یاد و بیرەوەرییە بایەخدارە هێژایانە بێت ، کە من خۆمیان تێدا دەبینم و ئەگەر ئەوانم نەمێنن ، هیچم نامێنێت.

بەڕێزان !

ڕوون و ئاشکرایە، نووسینی کتێبی(ڕاهێنان و پەروەردەکردن)ی منداڵ، کارێکی یەکجار زۆر حەستەم و گرنگە و بۆ ئەوە نابێت تاکە کەسێک خۆی لە قەرەی بدات و یەکتەنە و دڵخوازانە خۆی بەم گۆمە مەندە قووڵە دابکات. لەڕاستیدا، کتێبی(ڕاهێنان و پەروەردەکردن)ی منداڵ پۆلی یەکەمی سەرەتایی ، کە لە یەکەمین هەنگاودا هەست و مێشکی ناسکی منداڵ شەقڵ لێ دەدات و لە دووەمین هەنگاودا یەکەم بەردی بناغەی کەسایەتیی داهاتووی منداڵەکە پایەڕێژی دەکات ، وەزیفەی سارشان و ئۆباڵی ئەستۆی کۆمەڵێک پسپۆڕی لێهاتووی زانایە و دەبێ ئەوان بە کۆمەڵ ئەم حەلاڵە وەئەستۆ بگرن. خۆ دیارە و ئەگەرچی کورد پیاوی زانا و پسپۆڕی کەم نییە و لە خودێ بەزیاد بێ ، دەکرێ بڵێین بە هەزاران و هەزارنن، لێ مخابن چەلێ هیچ دوو زانایەک، هیچ دوو هونەروەر و هونەرمەندێک، هیچ دوو پیشەوەرێک، هیچ دوو کرێکارێک، هیچ دوو مامۆستایەک و هیچ دوو ڕێناس و ڕێزان و ڕێبەرێک لەناو ئێمەدا یەک نین و یەکتر بە هیچ نازانن. هەر بۆیەش زۆر تێدەکۆشین و قەت هیچمان دەست ناکەوێت. هەر لەم بوارەشەوە من پێم وابووە دانیشتن بە هومێدی یەککگرتن (چەلێ) نەخشی سەرئاوە و نەخشی سەرئاو قەت نابێتە گوڵ و لە سەر سنگی کەس جێ ناگرێت. هەربۆیە منی یەکتەنە خۆم بەم دەریا ئەوسەر نادیارە دا کردووە و بە ناچاری پێموایە بوومەتە مەلەوانی ئەم گۆمە مەندە قووڵە.

لەم کتێبۆکەیەدا ئەم بابەتانەم ڕەچاو کردوون :

1ـ نەزمی لەمێژ داڕێژراوی(ئەلفوبێ)م لەبەرچاو نەگرتووە، واتە بەپێی تەرتیبی پیتی ئەلفبایی نەچوومە پێش. ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە هەوڵم داوە هەر لە سەرەتاوە وشەی زۆر هاسانی یەک کەرتی(یەک سیلابی) دەکار بێنم و وشەگەلێکی کە مێشکی تازەکاری منداڵ تاقەتی پێ ناشکێت، خۆیان لێ بپارێزم. بەلاّم بەرە بەرە و پێ بە پێ دەگەڵ

خوێندنی پیتی ئەلفبایی، منیش هەوراز هەڵکشاوم و وشەی چەند کەرتیم لە تێکستەکاندا گونجاندووە. بە کورتی، لە سەرەتادا هەر ئەو وشە سادە و ساکارانەم دەکار هێناوە کە منداڵ دەگەڵ(دەنگ و دەنگبزوێنەکانیان) ئاشنا بووە. واتە بەپێچەوانەی کاری هەندە مامۆستایەک، کە هەر لە سەرەتای کتێبەکەیاندا پیتی خوێندراو و نەخوێندراویان لێک هاڵاندووە و وشەیان لێ ساز کردووە ، من ئەمەم نەکردووە.

2ـ دوای هەر چەند دەرسێک ، تەمرینی مامۆستا و قوتابی دەست پێدەکات ، کە ئەم بەشە گرنگترینی بەشی کتێبەکەیە و پێویستە مامۆستا تەمرینەکان بۆ قوتابی بخوێنێتەوە و لە ئەنجامدانیان دا یاریکاریان بێت. بە کورتی، لە بەشی(تەمرینی مامۆستا و قوتابی) دا، مامۆستا دەیخوێنێتەوە و قوتابی ئەنجامی دەدا.

3ـ مەشق و تەمرینەکانم بە چەشنێک ئامادە کردووە کە بکرێت هەر لەسەر کلاسی درس دا کاری لەسەر بکرێت و حەوجێ بە کات و کاری زیاتر نەبێت.

4ـ ئەوەندەی بۆم ڕوخسابێت، نەم هێشتووە ڕەنگ و بۆنی زاراوەی ناوچەیی و هەرێمی بەسەر تێکستەکاندا قورسایی بکات ؛ نە زاراوەی ڕەبەق سلێمانی و نە گەڕووسی و نە موکریانی؛ بەڵکە ئەوەندەی بۆم لوا بێت، خۆم لە وەسییەتنامەکەی مامۆستا (هێمن)ی مەزن نزیک کردۆتەوە و بەو زمانە هاتوومەتە گوتن، کە لە قەدیمەوە ئەدەبییاتی نووسراوەی کوردی پێ نووسراوە.

5ـ ڕێنووسێکی بچکۆلانە و دەفتەرێکی تەمرینی(ئەلف و بێ)یشم بە جیا ئامادە کردووە کە دەفتەری تەمرینی ئەلف و بێ، لە یەکەم مانگی دەسپێکردنی دەرس، لەژێر چاودێری و ڕێنوێنیی مامۆستا و دایک و باوکە بەڕێزەکاندا بە ئەنجام دەگات. بەڵام ڕێنووسەکە بۆ منداڵەکان نەنووسراوە و هەر بەس بۆ چاوپێداخشاندنێکی مامۆستای بەڕێزە کە لە ئاخری بابەتەکانی ئەم کتێبۆکەیەدا هاتوە.

6ـ لە نووسینی ڕستە و فێرکردنی ڕستەدا، ئەوەندەی بۆم لوابێت، ڕستەی هاسان و وشەی کورتی یەک کەرتی و وشەی خوێندراوی دەرسی پێشووم هێناوەتەوە. دیارە لە بەشی(تەمرینی مامۆستا و قوتابی)دا، وشەی تازە

گونجێندراویش هاتوه کە قوتابی بە یارمەتیی ماموستای بەرێز فێریان دەبێت.

7ـ لە تێکستەکاندا، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەمە دراوە کە هێما و نیشانەگەلی وەک: دانانی (نوختە) واتە خاڵی ئاخر لە کۆتایی ڕستەدا، دانانی کاما(،) لەجێگای پێویست دا و هەوەها نیشانەی پرسیاری(؟) ، نیشانەی سەرسوڕمان(!) نیشانەی وتوویژ ( :ـ ) بە مندالْ بناسێندرێت، کە لێرەدا ئەرکی ماموستای بەرێز و خۆماندووکردنی دایک و باوکە دلْسۆزەکانە هومێدی سەرکەوتنی مندالْەکان مسۆگەر دەکات.

8ـ ئەوەندەی توانیبێتم، هەولْم داوە کەرەسە و ئامێر و ئامرازی کۆنی وەک (داس، دەستاڕ ، گاسن، سوێنە و سەلە و سەبەتە و...) کە بەرە بەرە لەبەر دەستاندا نەماون و تەنانەت ناوەکەیشیان بەرەو بیرچوونەوە دەچێت، لە تێکست و دەرسەکاندا ناویان نەهێنم .

9ـ بۆ هەر دەرسێک چەند وێنە و ڕەسمم نەخش کردووە ، کە هیچ کام لە وێنە و ڕەسمەکان لە سەتاسەت کاری خۆم نین؛ هەموویانم لە ئینترنێت هێناونەتەوە و پاش سەر و گوێ برین و ڕەنگ و بۆیە لێدانێکی ساکارانە، کردوومنەتە نەخشی بابەت بۆ تێکستەکان. بۆ وێنە کچ و کوڕی چینی و ژاپۆنی ـ م وەرگرتووە ، جلکی کوردیم دەبەر کردوون و کردوومنەتە کورد. دیارە بەهۆی دەست و قەلْەم کۆلْیم لە نەخشاندن و ڕەنگاندن دا، ئەم ئالْوگۆڕ و مۆنتاژکردن و ڕەنگ و بۆیەلێدانەش کات و وەختێکی فرە زیادی گرتووە و دەکرێ بلْێم بۆ سازکردنی هەر وێنەیەک، چەندین کاتژمێر (کات)ی ویستووە. بەلاّم سەرەڕای ئەمەش لەوانەیە نەخش و وێنەکان زۆر لە بەر دلاْن نەبن و هاو واتای تێکستەکان نەیەنەوە ، هەربۆیە هیوادارم کەسێکی دەست و قەلْەم ڕەنگین هەلْکەوێ و کەم و کووڕییەکانم بۆ پڕ کاتەوە. زۆر پێویستە داوای لێبوردن لە سەرجەم ئەو هونەرمەندە هێژایانە بکەم کە بەبێ پرسی پێشەکی، کەلْکی بێ پرس و ڕام لە بەرهەمەکانیان وەرگرتووە. بەتایبەت لە مالْپەڕی(سنە)، کە چەند وێنە و تابلْۆی ئەوانم بە قەرز وەرگرتووە و لە کتێبەکەدا گونجاندومن. دیارە ئەگەر دەستم بە هونەرمەندانی هێژای وەک: کاک مێهدی زیائودینی و کاک بێهزاد تارا و هونەروەرانی هێژای دیکە ڕابگات، سپاس و پێزانینی

خۆمیان پێ ڕادەگەیەنم و ئەگەر قەت نەتوانم زیارەتیان بکەم ، ئەوا دەبێ بڵێم پشک و بەشی ئەوانیش لەم کتێبۆکەیە دا هەیە و جێیان لە سەر سەر و لە سەر چاوانی منە.

لە کۆتایی دا پێویستە بڵێم کە هاوڕێی تێکۆشەرم، مامۆستا ڕەشاد مستەفا سوڵتانی هەر لە سەرەتای کاردا ئەرکی پێداچوونەوەی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ و لە تاریخی (96/1/30)دا بە ناردنی نامەیەکی بەنرخ ، گەلێک هەڵەی بۆ دەسنیشان کردم و گەلێکی ڕێنوێنی کردم. من لەم بابەتەوە زمانی سپاس و پێزانینم کورتە و هەر هیواخوازم وێنەی ئەم جوانمێرانە لە نێوماندا زۆر بێت و سایەیان لەسەر سەری ئێمە کەم نەبێتەوە.

هەروەها شایانی ئامازەیە و قەت لە بیر ناکرێت کەرامەت و گەورەیی مامۆستا دوکتۆر فەرهاد شاکەلی ، کە سەرەڕای سەرقاڵی و سەرمەشغوڵی بە دەرس گوتنەوەی لە زانکۆکانی سوید دا ، زۆر دلۆڤانانە چاوی بە (ڕێنووس)ە بچکۆلانەکەی ئەم کتێبەدا خشاند و لەم بوارە دا یاریکاریی کردم. بەهیوام دەوری حەکیمانە و خۆش نەخشی مامۆستا فەرهادشاکەلی لە کۆمەڵگای کوردەواری دا هەر زیندوو بمێنێتەوە.

لە ئاخرسەر دا دیسان دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم کە ئەم بەرهەمە بچووکە بە هەموو کەم و کوڕی و نەپوختیشییەوە، ئەگەر بتوانێ بکەوێتە بەر دیدەی خاوەن نەزەران و کەمایەسییەکانی پڕ بکرێتەوە، ڕەنگە لە لایەک ببێتە بیرئانینێکی بچکۆلانە بۆ باشترین ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی کوردستانەکەمان و لە لایەکی تریش ببێتە مەزنترینی خەڵات بۆ ڕۆژی کووژانەوەی بیست و هەشتەمین مۆمی تەمەنی پیشەی دەرس گوتنەوە و کاری مامۆستایەتیم.

هیوام سەکەوتنی دایک و باوکە دڵسۆزەکان و مامۆستا بەڕێزەکانە و، بەهیوام کەمی من بە زۆر بزانن.

ئاخر قسەم ئەمەیە و ناکرێت فەرامۆشی بکەم کە، ئەم کتێبە و چەندێکی ترم ، هەرچەند زۆر لەمێژ بوو بۆ چاپ و بڵاو بوونەوە ئامادە کرابوون و، ئەگەرچی لە لایەن بەڕێوەبەرانی نووسینگەی ئۆرگانێکی

کوردی لە ستۆکهۆڵم ـ یش دەستی چاپکردنی هەرچی زۆتر(ئورژانس)یان بۆ لەمل درا و ئۆرژیناڵی کتێبەکانیشان بۆ چاپکردن بە پەلە لێوەرگرتم ، بەڵام درۆیان دەگەڵ کردم و ئۆرژیناڵەکانیشم تێدا چوون، بەناچار چەند ساڵێکیان دەگەڵ خەریک بوومەوە و سەر لەنوێ سازم کردنەوە . بەڵام لەو ساوە هەتا ئیمڕۆ بە هۆی نەبوونی ئیمکانی چاپکردنیان، بە چاپ نەکراوی هەر بە سەر دەستی خۆمدا مابوونەوە هەتا سەرەنجام باڵی بەرزەفڕی ئینتەرنێتم بە فریا گەیشت و جێی بەتاڵی وادە و بەڵێنی بێ ناوەرۆکی ئەم و ئەوانی بۆ پڕ کردمەوە...

بە ئەوپەڕی ڕێزەوە کەریم دانشیار ـ سوید
25 ی سەرماوەزی 1994.

مامۆستای هێژا!

دایک و باوکی بەڕێز!

هەر وەکی شارەزان و دەزانن ، نووسینی کوردی بەم شێوە خەتەی کە هەر ئێستا باوە و پێی دەنووسرێت، چەشنە هونەرێکی قەڵەمکێشان و ڕەسم و نەخشکردنی هەرچی جوانتری پیت و وشەکانە. دەبێ بڵێین ئەم هونەرەش کاتێک وەک دەسکەوت بە قەڵەم بەدەستان دەبڕێت ، کە هەر لە سەرەتای منداڵی و دەسپێکەوە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵس و کەوتی لەگەڵدا کرابێت. بە گوتەیەکی ساکار و ڕەوانتر بێژین کە ئەگەر پەنجەی مرۆڤ لە سەردەمی منداڵییەوە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بخرێتە کاناڵی هەر کارێکەوە، مێشکی ئەو مرۆڤە لە بواری ئەو کارەدا مۆر و شەقڵی ڕاست و دروست وەردەگرێت و کارامەیی زیاتری پێ دەبڕێ. لەڕاستیدا پێوەندیی کاری بەردەوامی نێوان پەنجە و مێشکی مرۆڤە کە ژیانی سەرکەوتووانەی مرۆڤی ئیمڕۆکەیی وەدی هێناوە.

بەڕێزان !

من لەم چەند لاپەڕەیەدا بۆ ڕاهێنانی دەست و قەڵەمی ساوا و تازەکاری منداڵی کورد، ئەم پرۆژە بچکۆڵانەیەم پێشکەشی ڕای ئێوەی بەڕێز کردوە. خۆ دیارە ئەم تەمرینانە کاتێک بەکەڵک و بەهرەدار دەبن ، کە منداڵ لە کەش و هەوایەکی تەواو هێمن و ئارام و حەساوەوە دا دەست بە کاری تەمرینەکان بکات و هیچ جۆرە زەخت و گوشارێکی زۆرەملی بە سەرەوە نەبێت. نابێ وەک ئەو ئەرک(وەزیفە)یە چاوی لێ بکرێت کە لەنێو ئێمە دا باوە و هەر بۆ ڕەشکردنەوەی لاپەڕەی کتێبەکە ببێت و بەس.
بەپێچەوانە، دەبێ بە سەبر و حەوسەلەیەکی یەکجار زۆر هێدیانە دەست بەم کارە بکردرێت و هەموو سەرنج و چاوەدێریی مامۆستای بەڕێزی بەسەرەوە بێت. دەبێ هەر لە دەسپێک و سەرەتای کارەوە مامۆستای هێژا و دایک و باوکە بەڕێزەکان بە وریایی چاوەدێر و یاریکار و ڕێ نیشاندەری دەست و قەڵەمی ساواکان بن. چونکە ئەوەی کە منداڵ لەم تەمەنە و لەم هەلەدا فێری دەبێت و پێی ڕادێت ، جا بە چاک یان

بە خراپ ، وەک نەخشی سەر بەردی لێ دێت و دەبێتە خانەنشینی مێشکیان و دەمێنێتەوە.

بەڕێزان!

شێوەی قەڵەمکێشان و شوێن پێی قەڵەم بۆ نووسین و ڕەسمکردنی بەدەنە و چوار ئێسکەی ئەو پیتانەی کە خوێندکارە بچکۆڵەکانمان لە یەکەم ساڵی خوێندندا دەست بە فێربوونیان دەکەن ، لەم دەفتەرەدا هاتووە و چۆنیەتی کار بەمجۆرەیە کە:

1ـ شێوەی قەڵەمکێشان بۆ ڕەسمی بەشێک لە هەر پیتێک، بەڕەنگی سوور و (گەورەتر) ، لە سەردێڕی هەر لاپەڕەیەکدا هاتووە.

2ـ لە بەشی خوارەوەی سەردێڕی لاپەڕەکاندا، هەر هەمان شت، جارێک بە ڕەنگی سوور دووپات کراوەتەوە.

3ـ لە ژێرەوەی ئەم دوو دێڕەشدا، هەر هەمان شت دوو جاری تر، بەڵام وردتر هاتووە.

ئەم سێ دێڕە ، بەس بۆ دیتنی بارستایی بچووکی و گەورەیی شتەکەیە و بۆ ناسینی پێچ و خەمی ئەو شتەیە کە دەبێ لە خوارەوە تەمرینی لە سەر بکرێت. مەبەست لە نیشاندانی مادەی نووسراو بە دوو شێوەی گەورە و بچووک، ئەمەیە کە منداڵ هەر لە سەرەتای کارەوە بۆی دەرکەوێت هەر پیتێک دەکرێ زۆر ورد ، یان زۆر درشت بنووسرێت.

4ـ لە خوارەوەی ئەم سێ دێڕە،دوو خەتی کاڵ ڕەسم کراوە کە بۆ تەمرینی منداڵەکانە. لە تەمرینی منداڵەکاندا سەرنجی مامۆستا و دایک و باوکە بەڕێزەکان دەورێکی گرنگی هەیە.

5ـ لە ژێرەوەی هەر لاپەڕەیەکیشدا هاتووە کە دەست و قەڵەمی منداڵەکان خەریکی تەمرینی کێهە بەش لە چوارئێسکەی کام پیتی ئەلفباییە.

لە ئاخر کەلام دا بەهیوام مامۆستای هێژا و دایک و باوکە بەڕێزەکان لە ئەرکی پێ سپێراوی گوشکردن و ڕاهێنانی منداڵەکان دا سەرکەوتوو بن.

25ی سەرماوەزی ساڵی 1994ـ سوید ـ کەریم دانشیار





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی ئەم پیتانە تەمرین
دەکات : (ئـ . بـ . پـ . تـ . نـ . )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لە پیتی (ئا)
تەمرین دەکات



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێکی ئەم پیتانە
تەمرین دەکات : ( و . ۆ . وو )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی هەمزەڵەی سەر دەنگی
چەقیوی(ئـ) تەمرین دەکات .





لـەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێکی ئەم دەنگانە تەمرین دەکات : ( ب . پ . ت . )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێکی تری ئەم
دەنگانە تەمرین دەکات :  ( ب . پ . ت )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی ئەم دەنگانە تەمرین
دەکات : ( ب . پ . ت . )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست دانانی خاڵی ژێر پێی دەنگی (ب) تەمرین دەکات .



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست دانانی خاڵی سەر دەنگی(ت)
تەمرین دەکات .





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی دەنگی(ر . ڕ.) و بەشێک
لە پیتی(و . وو . ۆ ) تەمرین دەکات .



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لە پیتی( د )
تەمرین دەکات .



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لە پیتی ( د )
تەمرین دەکات.





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی کەوانەی بچووکی پیتی(ی . ێ ) تەمرین دەکات .





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی پیتی( ن ) ،
هەروەها بۆ بەشێک لە پیتی (س . ش ) تەمرین دەکات .





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی پیتی( ن ) ، هەروەها بۆ
بەشێک لە پیتی (س . ش ) تەمرین دەکات .





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشی سەرەتای پیتی(م )
تەمرین دەکات .





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لە پیتی ( م )
تەمرین دەکات .



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشی دەسپێکی ئەم پیتانە تەمرین دەکات :   ( ح . خ . ج . چ )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی کەوانەی ئەم پیتانە
تەمرین دەکات: ( ح . خ . ج . چ . ع . غ)



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لە پیتی( ک.گ )
تەمرین دەکات.





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشی سەرەتای ئەم پیتانە تەمرین دەکات : ( ف . ق . ڤ )



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشی سەرەتای ئەم پیتانە تەمرین دەکات :   ( ع . غ )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لەم پیتانە
تەمرین دەکات : ( ل . ڵ . )





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشێک لە پیتی (ـە )
تەمرین دەکات .



لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی بەشی دەسپێکی پیتی(هـ) تەمرین دەکات .





لەم لاپەڕەیەدا دەستی منداڵ بۆ ڕاست و دروست نووسینی چەڵمەی سەر و ژێری
ئەو پیتانە تەمرین دەکات : (ۆ . ڵ . ێ . ڕ .)